# کەمتەرخەمی کردن لەگەیشتن بە تەکبیرەی ئیحرام

[ کردي – کوردی – kurdish ]

عبدالسلام محمد پشدەری

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# التهاون فى إدراك تكبيرة الإحرام

« باللغة الكردية »

عبدالسلام محمد بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# کەمتەرخەمی کردن لەگەیشتن بە تەکبیرەی ئیحرام

الحمد لله رب العالمين، وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

ئاينی پیرۆزی ئیسلام باوەڕداران هاندەدات کە پێشبڕکی بکەن لەکاری خیر وچاکەکاندا، چونکە کاری خێر وچاکە هۆکاری سەرەکی چوونە بەهەشتە، ئەو بـەهەشتەی کـە خوای گەورە لـەوەصفیدا فەرموویەتی : ﴿ وَسَارِعُواْ إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾ [سورة آل عمران : ١٣٣ ] واتە : بەپەلە بن و پێشبڕکێ بکەن لەپێناو لێخۆشبوونی پەروەردگارتان و بەهەشتێک کە پانایيەکەی ئاسمان و زەوی گرتۆتەوەو ئامادە کراوە بۆ پارێزکاران .

پێغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم) دەفەرموێت: مەنزڵگای هەندێ دەبینن وەکو چۆن ئەستێرەی گەش دەبینن لە دوورەوە، فەرموويانە ئەی پێغەمبەری خوا: ڕەنگە ئەوانە مەنزڵگای پێغەمبەران بن، فەرمويەتی: نەخێر، بەڵکو مەنزڵگای کەسانێکن کە باوەڕيان بە خواو پێغەمبەرەکەی هێناوە .

لەجێگایەکی تردا هەر سەبارەت بە پێشبڕکی لەکاری خێر وگوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا وپێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) فــەرموویەتی : ﴿ سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاء وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاء وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ ﴾ [سورة الحديد : ٢١ ] واتە : ئەی خەڵکینە! پێشبڕکێ بکەن لەپێناو لێبوردن ولێخۆش بوونی پەروەردگارتان، بە تەوبەو کردەوەی چاك ودوور کەوتنەوە لەخراپە، وە بۆگەیشتن بەبەهەشتێك کەپانایی و فراوانییەکەی، وەك پانتایی ئاسمان و زەویە ، ئامادەکراوە بۆ ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوە بەخواو بەپەیامبەرانی، ئەوەش فەزڵی خوایە، دەیدات بەهەرکەسێ خۆی بیەوێ و شایستە بێت، وەخوا خاوەنی فەزڵ و بەخششی گەورەیە.

ئەوەی مەشروع ورێگا پێدراو بێت کە موسڵمانان مونافەسە و پێشبڕێکیی تێدا بکەن تەنها کاری خێر وچاکە وئەو کارانەیە کە جێگای ڕەزامەندی خوا وپێغەمبەرەکەینی هەر بۆیە دەفەرموێت : ﴿ وَفِي ذَلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ ﴾ [سورة المطففين : ٢٦ ] واتە : ئەوانەی کە پێشبڕکێ و پێشدەستی دەکەن بالەوەدا پێش دەستی و کێبەرکێ بکەن و هەوڵبدەن بۆکارو کردەوەی چاك .

هەموو ئەو ئایەتانەی سەرەوە و زۆرێکی تریش بەلگەن لەسەر ئەوەی مرۆڤی باوەڕدار دەبێت هەمیشە لەکۆکردنەوەی توێشوودا بێت بۆ ناو گۆڕ وڕۆژی دوایی، ئەو ڕۆژەی کە هیچ کەس نایەت بەرفریای کەسەوە وهەموو کەس نەفسی نەفسیەتی، بۆیە دەبێت هەر لەئێستاوە خەریکی کۆکردنەوەی سەرمایە بین بۆ ئەو بارزگانیەی کە چاوەڕێمانە، یەکێکیش لەو کارە خێر وچاکانەی کە توێشوی باوەڕدارانی پێ قورس دەبێت وزۆر کەسیشمان لێی بێ ئاگاین، ئەویش پەلەکردن وزوو ڕۆشتنە بۆ مزگەوت ونوێژ دابەستنە لەدوای ئێمامەوە، واتە گەیشتن بە تەکبیرەی ئیحرام، بەداخەوە کەمتەرخەمیەکی ئاشکرامان پێوە دیارە، جا بابزانین لەبارەی خێر وچاکەی ئەم مەسئەلەیەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و زانایانی پێشینی ئەم ئومەتە چۆن بوون وچیان فەرمووە .

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەبارەی گەیشتن بە تەکبیرەی ئیحرام و نوێژدابەستن لەدوای یەکەم ( الله أكبر ) ی ئیمامەوە فەرموویەتی : « من صلى أربعين يوماً في جماعة يدرك التكبيرة الأولى كتبت له براءتان: براءة من النار وبراءة من النفاق » [رواه الترمذي وغيره وصححه الألباني ] واتە : هەرکەس چل ڕۆژ نوێژەکانی بە کۆمەڵ بکات و بگات بە تەکبیرەی یەکەمی ئیمامدا، ئەوە دوو بەرائەت وئەستۆ پاکی بۆ دەنوسرێت، بەرائەت وئەستۆ پاکیەك لەئاگر وبەرائەت وئەستۆ پاکیەکی تر لە نیفاق ودوو ڕوویی .

زۆر بەداخەوە دەبینین کەسانێك بەناو موسڵمانن کەچی لێی دەپرسیت نوێژ دەکەیت ؟ یان دەڵێت نەخێر، یان دەڵێت کاڵ نوێژم، یان نوێژەکانی دەکات بەڵام لەماڵەوە وهیچ گوێ نادات بە نوێژی جەماعەت، کەسانێکیش هەن وەك ئێمە ومانان کە خۆمان ناوناوە پابەند بەدین و تەعالیمەکانی ئیسلامەوە، نوێژەکانمان دەکەین بەکۆمەڵ لەمزگەوت بەڵام زۆر بەداخەوە بۆ ئێمەیش هەڵناسین بۆ دەست نوێژگرتن تاوەکو قامەت نەکات، یان زۆربەی جاریش دەڵێین قەی ناکات خۆ دەگەین بە جەماعەتی دووەم و سێهەمی مزگەوت، هەموو ئەمانە بەڕاستی لەکە و پەڵەن بەسەر ڕادەی ئیلتزام و پابەند بوونمان بە دینەکەمانەوە، چونکە خواناسان و پێشینی صالحی ئەم ئومەتە زۆر سوور بوون لەسەر ئەوەی کە نوێژەکانیان بەکۆمەڵ بکەن وتەکبیرەی ئیحرام لەگەڵ ئیمامدا بن، بۆیە دەبینین یەکێك لە خواناسان وزاهیدانی ئیسلام دەڵێت : بەخواسوێند دەخۆم چل ساڵ دەبێت تەکبیرەی یەکەمی ئیمامم لەکیس نەچووە لەسەرجەم نوێژەکاندا، یان هەندێکی تریان ووتویانە : ماوەی بیست ساڵە کە نوێژم کردبێت پێش ئەوەی بانگ بدات من لەناو مزگەوت بووم .

سبحان اللە ئەمانە نمونەی ئیمانداری ڕاستەقینە بوون، ئەمانە بەمانای کەلیمە لە مەبەستەکانی نوێژ تیگەیشتوون، بۆیە دەبینین کە تام ولەزەتی عیبادەتیش هەر لای ئەوانە بووە، زانیویانە لەزەتی نوێژکردن و کڕنووش بۆ خوا بردن چەندێك خۆشە بۆیە تامەزۆری گەیشتن بوون بە لیقاء وچوونە حزوری خوای گەورە ومیهرەبان، نەك وەك ئێمە لەنێوەی نوێژدا

خۆمان دەکەین بە مزگەوتدا بۆ نیوەکەی تریشی پەلەمانە کەی نویژەکە کۆتایی بێت وبێینە دەرەوە، بۆیە تۆزقاڵە زەڕەیەك تام ولەزەتی عیبادەت نازانین چیە، عیبادەتەکانمان جۆرێك لەرۆتین وسەرەڕۆیی بەخۆیەوە گرتووە، پەیوەندیەکانمان لەگەڵ خوای گەورەدا لاواز بوون، هەر بۆیە نزا وپاڕانەوەکانیشمان هیچیان گیرا نابن، پەستی ودڵ ڕەقی ڕووی لەزۆرێکمان کردووە، مەگەر ئەوانە نەبێت خوا ڕەحمی لەگەڵ کردوون ونێوان خۆیان و خوایان ئاوەدان کردوەتەوە، لەخوای گەورە داواکارین تیماری دڵەکانمان بکات ولەزەتی ئیمان وعیبادەتیش بەئێمە ببەخشیت .

خۆشەویستان : جا با بزانین زانایانی ئیسلام لەبارەی تەکبیرەی ئیحرام ونویژ دابەستندا چیان فەرمووە .

سفیان ثەوری دەڵێت : « **مجيئك إلى الصلاة قبل الإقامة توقير للصلاة** » [ فتح الباري" لابن حجر (٥٣٣/٣)] واتە : هاتننت بۆ نوێژ پێش قامەت کردن نیشانەی ڕێزگرتنی نوێژەکەتە .

یان ئیبراهیمی تیمی ووتویەتی : « **إذا رأيت الرجل يتهاون في التكبيرة الأولى فاغسل يدك منه** » [سير أعلام النبلاء (٨٤/٥) ] واتە : هەرکاتێك کەسێکیت بینی کە کەمتەرخەمی دەکات لەگەیشتن بە تەکبیریە یەکەمی نوێژدا ئەوە ئیتر دەستی لێ بشۆ، واتە خێرناداتەوە .

وەکیعی کوڕی جەڕاحیش فەرموویەتی : « **من لم يدرك التكبيرة الأولى فلا ترجُ خيره** » [رواه البيهقي في شعب الإيمان (٧٤/٣) ] واتە : هەرکەسێك نەگەیشت بە تەکبیرەی یەکەمی نوێژی جەماعەتدا ئەو کەسە ئومێدی خێری لێ ناکرێت ( مەبەست ئەوەیە ئومێدی ئەوەی لێ ناکرێت خزمەتێك بە ئیسلام بکات وببێت بە پێشەنگی چاکەی خەڵکی تاوەکو چاوی لێ بکەن ) .

هەندێك لەسەلەفی صاڵحی ئیسلام ڕۆشتن بۆ نوێژیان دوای بانگدان بە کەمتەرخەمی داناوە، چونکە فەزڵی جەماعەتیان لەوەدا بینیوە کە پێش بانگدان لەناو مزگەوت بیت .

سوفیانی کوڕی عویەینەیش فەرموویەتی : « **لا تكن مثل عبد السوء، لا يأتي حتى يُدعَى ، إيت الصلاة قبل النداء** » [التبصرة لابن الجوزي لاپەڕە ١٣١ ] واتە : وەك ئەو کەسە خراپە مەبە کە تا بانگ نەدات نایەت بۆ مزگەوت، بۆیە پێش ئەوەی بانگ بدات بۆ نوێژ وەرە بۆ نوێژەکەت .

گەیشتن بە تەکبیرەی ئیحرامیش لەسەر ڕای پەسەندی زانایان ئەوەیە کە پاش ئەوەی ئیمام ( الله أكبر) ی کرد تۆیش ( الله أكبر) بکەیت، واتە پێش ئەوەی ئیمام دەست بەخوێندی سورەتی ( الفاتحة) بکات تۆیش نوێژەکەت دابەستیت .

خوای گەورە هەمووومان وا لێ بکات کە نوێژەکانمان لا خۆشەویست بێت، لەو کەسانەمان بگێڕێت کە تام ولەزەتی عیبادەتیان چەشتووە، و مانای لیقای خوایان لا بەرجەستە

بووه، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : « أعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك » [ متفق عليه ] خوای گەورە بەو جۆرە بپەرستن وەك ئەوەی بیبینن، خۆ ئەگەر تۆ ئەویش نەبینێت بێگومان ئەو هەر تۆ دەبینێت .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم